

ئارسەر کۆنان دۆیڵ
شێرلۆک هۆڵمز
دۆسیەی تۆوە وشکەکانی پرتەقاڵ
وەرگێڕان: ئالان محەمەد

# دۆسیەی تۆوە وشکەکانی پرتەقاڵ

**پێشەکی:**

**ئەم پەرتووکە دیاری منە بۆ (پەروانە)ی خوشکی ئازیزم.**

**(پەروانە)، کاتێک گەورە بوویت و بوویت بە خانمێکی قەشەنگ و جوان، ئەوا هیوادارم لەوە تێبگەیت کە من هەمیشە چ جۆرە بیرکردنەوەیەکم هەبووە و بۆچوونم لەسەر کەتواری ژیان چۆن بووە، حەزم بە چی هاتووە و ڕقم لە چی بووە، کەسایەتیم چۆن بووە و چۆن ژیاوم.**

**هەموو ئەمانە بە پێی کات دەزانیت، یەکەم هەنگاویش بۆ ئەوەی لە من تێبگەیت، بریتییە لە خوێندنەوەی پەرتووکەکانی (ئارسەر کۆنان دۆیڵ) کە خۆشەویستییەکی قوڵی بۆ خوێندنەوە لە دڵی مندا چەسپاندووە، هەمیشە ئەم جۆرە چیرۆکانەم بە ڕەنگدانەوەی هزر و خوو و بوونیاتی خۆم زانیوە. هیوادارم تۆش بەم شێوەیە بیت، بەڵکو باشتریش.**

**چونکە تۆ تاکە هیوای ژیانی من بوویت و هەر بەم شێوەیەش دەمێنیتەوە، هیوادارم لە من باشتر بیت و بە پێچەوانەی من خەون و ئاواتت هەبێت، شتێک هەبێت بۆی بژیت و کۆششی بۆ بکەیت ئازیزەکەم.**

زنجیرە چیرۆکی سەرکێشییەکانی شێرلۆک هۆڵمز: بەشی دووەم

دۆسیەی تۆوە وشکەکانی پرتەقاڵ

نووسەر: ئارسەر کۆنان دۆیڵ

وەرگێڕان لە عەرەبییەوە: ئالان محەمەد

**کورتە:**

**لەم بەشەدا خوێنەری یەکێک لە نامۆترین و ئاڵۆزترین دۆسیە دەبین کە تاکو ئێستا ڕووبەڕووی لێکۆڵەر (شێرلۆک هۆڵمز) بۆتەوە. ئایا ئەم لێکۆڵەرە بە زیرەکییە ناوازەکەی وەکو هەمیشە دەتوانێت ئەم دۆسیەیە وەکو دۆسیەکانی تر چارەسەر بکات، یاخود بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو شکست دێنێت و قوربانیدانی ژیانی کەسێک باجی ئەو شکستەی دەبێت؟**

## به ناوی خودا

کاتێک سەیری ئەو تێبینییانە دەکەم کە لە ماوەی ساڵانی نێوان 1882ز - 1890ز دەربارەی دۆسیەکانی (هۆڵمز)م نووسیوە، ئەوا سەرسامی ژمارەی ئەو دۆسیە سەیرانە دەبم کە چارەسەرمان کردبوون. نەمدەزانی کە ئایا کامانە سەرەتا بخوێنمەوە و کامانەش فەرامۆش بکەم، چونکە زۆربەی دۆسیەکان جێی سەرنج بوون.

بەهەرحاڵ هەندێک لەو دۆسیانە ناوبانگیان دەرکرد و لە ڕۆژنامەکان بڵاوبوونەوە، هەندێکی تریش بە نهێنی مانەوە و ڕۆژنامەکان دەستیان پێ نەگەیشت. هەندێک دۆسیە چارەسەر کران و هەندێکی تریش لەوە ئاڵۆزتر بوون کە هاوڕێی ئازیزم بتوانێت چارەسەرێکی تەواویان بۆ بدۆزێتەوە، بۆیە ئەنجامی کۆتایی ئەو جۆرە دۆسیانە تەنیا ئەگەر و گریمانە بوون کە پێچەوانەی خواستی هاوڕێیەکەم بوو. ئێستا باسی دۆسیەیەک دەکەم کە لە جۆری کۆتاییە، دۆسیەیەک کە بەڕاستی جێی سەرنجە و خاوەنی وردەکاری ناوازەیە، هەرچەندە هەندێک وردەکاری دەربارەی ئەو دۆسیەیە شاراوەیە و شیکردنەوەیان قورسە، لەوانەشە هەرگیز شی نەکرێنەوە.

ساڵی 1878ز چەندین دۆسیەی گرنگمان بۆ پەیدا بوو، بۆ نموونە وەکو دۆسیەکانی سەرکێشی دەستەی جێبەجێکاری "برادۆل" و ئەو قەشانەی کە یانەیەکی گەورەیان لە ژێر زەمینی کۆگایەکی کەلوپەلی ماڵەوە دروست کردبوو، لەگەڵ ڕووداوی ون بوونی کەشتی "ئاندرسن" و سەرکێشییە نامۆیەکانی خانەوادەی (گرەیس پاترسن) لە دوورگەی "ئۆڤا"، لە کۆتاییدا دۆسیەی ژەهراویبوونی (کامبرۆیل) کە (هۆڵمز) لە ڕێگەی کاتژمێری کوژراوەکەوە زانی ئەوەی ژەهراوی کراوە پێش دوو کاتژمێر بەر لە مەرگی ڕۆیشتبوو بۆ سەر جێگایەکەی تاکو بخەوێت، ئەمەش زانیارییەکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی دۆسیەکە چارەسەر بکرێت.

تەواوی ئەم دۆسیانە جێی سەرنجن و خاوەن کەشێکی نامۆ و تاوانکارین، بەڵام هیچیان بە ئەندازەی ئەم دۆسیە نامۆ و مەترسیدار نین کە ئێستا بۆتانی باس دەکەم.

**لە کۆتایی مانگی "ئەیلول"دا ڕەشەبا وەرزییەکان بە شێوەیەکی نائاسایی زیاد بووبوون، لە هەمان کاتیشدا توند بووبوون و ئەمەش وای کرد کە خەڵک لە ماڵی خۆی بمێنێتەوە و نەوێرێت بێتە دەرەوە، تەنانەت شاری مەزنی "لەندەن"یش تووشی ئەم کەشە ناهەموارە بۆوە. ئەو کاتە هاوسەرەکەم سەردانی ماڵی باوکی کردبوو، ئەمەش وایکرد کە بۆ چەند شەوێک بڕۆم بۆ ماڵی (هۆڵمز)ی هاوڕێم تاکو لەوێ بخەوم. بەهەرحاڵ شەوێکیان بایەکی بەهێز پەیدا بوو و دەنگی بایەکە لە کونەکانی دەرگا و دووکەڵکێشەکە دەهاتە ژوورەوە، (هۆڵمز) لای دووکەڵکێشەکە دانیشت و لە ئاگرەکە نزیک بۆوە، ئەو کاتە کەمێک بێزار بوو، بۆیە دەستی کرد بە خوێندنەوەی تۆمارە کۆنەکانی، منیش چیرۆکی سەرکێشی دەریایی (کلارک)م دەخوێندەوە، بە ڕاددەیەک لە خوێندنەوەی چیرۆکەکە قووڵ بووبوومەوە، وامزانی دەنگی بایەکە تێکەڵی خودی چیرۆکەکە بووە و خۆشم لە ناو ڕووداوەکاندام.**

**دواتر یەکێک زەنگی ماڵەکەی لێ دا و گوتم: ئەمە دەنگی زەنگەکەیە، بڵێیت بەم شەوە کێ بێت؟ ئایا هاوڕێیەکی تۆیە (هۆڵمز)؟**

**(هۆڵمز)یش لە وەڵامدا گوتی: جگە لە تۆ هیچ هاوڕێیەکم نییە و کەسێکیش نیم کە خەڵک حەز بکات سەردانی بکات.**

**منیش پرسیم: کەوایە کەسێکە کە یارمەتی تۆی دەوێت؟**

**(هۆڵمز)یش گوتی: ئەگەر وابێت، ئەوا مانای ئەوەیە کە ئەمە دۆسیەیەکی مەترسیدار دەبێت، چونکە هیچ کەسێک ئامادە نییە بەم کەش و هەوایە ناهەموارە و ئەم کاتە درەنگە بێت بۆ لام مەگەر کێشەیەکی گەورەی نەبێت، لەوانەیە میوانێکی خاوەن ماڵەکە بێت.**

**بۆچوونی (هۆڵمز) هەڵە بوو، چونکە میوانێکی خاوەن ماڵەکە نەبوو. بەهەرحاڵ دواتر گوێمان لە دەنگی هەنگاوەکانی پێی کەسێک بوو کە بەرەو ماڵی ئێمە دەهات، دواتر لە دەرگای دا و (هۆڵمز)یش هەستا و ڕۆیشتە سەر ئەو کورسییەی کە هەمیشە لەسەری دادەنیشێت و بە کەسەکەی گوت کە دەتوانێت بێتە ژوورەوە. ئەوەی هاتەوە ژوورەوە گەنجێکی 22 ساڵان بوو، خاوەن ڕووخسارێکی میهرەبان بوو، چەترەیەکی تەڕی پێ بوو کە بە دەستی ڕاستی هەڵیگرتبوو، هەروەها پاڵتۆی دژە بارانەکەشی بە تەواوی تەڕ بووبوو، ئەمەش نیشانە بوو لەسەر ناهەمواری کەش و هەوا. (هۆڵمز) لە ژێر ڕووناکی چرایەکەوە سەیری کرد و دیار بوو کە گەنجەکە لە ژێر پەستانێکی زۆردا بوو، چونکە چاوەکانی ماندوو دیاربوون. دواتر گەنجەکە گوتی: هیوادارم بێزارم نەکردبن.**

**دواتر چاویلکەکەی دانا و گوتی: هیوادارم بێزارتان نەکەم، هەروەها داوای لێبووردنیش دەکەم بەوەی کە وام کرد ئەم ژوورە بە هۆی شوێن پێیەکانی منەوە تەڕ بووبێت.**

**(هۆڵمز)یش گوتی: چەتر و پاڵتۆیەکەتم پێ بدە، جارێ لەسەر ئەم عەللاقەیە هەڵیان دەواسین تاکو وشک دەبنەوە، دیارە کە لە بەشی باشووری ڕۆژاواوە هاتوویت.**

**بەڵێ، لە "هۆرشام"ەوە هاتووم. -**

**ئەمەم لە ڕێگەی قوڕ و کلسی سەر پەنجەکانی پێیەکەت زانی، بەڕاستی جێی سەرنجن. -**

**هاتووم تاکو ئامۆژگاریم بکەیت. -**

**ئەمە زۆر ئاسانە. -**

**هەروەها بۆ ئەوەش هاتووم تاکو یارمەتیم بدەیت. -**

**ئەمەیان بەو ئاسانییە نابێت. -**

**پێشڕەو (برەندەرگەست) بۆی باسی ئەوە کردم کە چۆن لە ئاشووبی یانەی "تەنکەرفیل" یارمەتیت داوە. -**

**بەڵێ، ئەو بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە تۆمەتبار کرابوو. -**

**گوتی کە دەتوانیت هەموو کێشەیەک چارەسەر بکەیت. -**

**ئەو زیادەڕۆیی کردووە، چونکە وا نییە. -**

هەروەها گوتیشی کە هەرگیز نەدۆڕاویت. -

چوار جار دۆڕاوم، سێ جار بەرامبەر پیاوان، جارێکیش بەرامبەر ئافرەتێک. -

بەڵام ژمارەی سەرکەوتنەکانت زیاترن. -

بە دڵنیاییەوە، بە گشتی کەسێکی سەرکەوتووم. -

کەوایە لەوانەیە بتوانیت کێشەی منیش چارەسەر بکەیت. -

لەسەر ئەم کورسییە دانیشە و بە وردی بۆم باسی دۆسیەکەت بکە. -

دۆسیەیەکی ئاسایی نییە. -

هیچ کام لە دۆسیەکانم ئاسایی نین، چونکە من کۆتا کەسم کە هانای بۆ دەبەن تاکو کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکات. -

سەرەڕای تایبەتمەندیت لەم بوارەدا، ئەوا باوەڕ ناکەم کە هەرگیز تووشی دۆسیەیەک بووبیت کە وەکو هی من نامۆ و ناڕوون بێت گەورەم. -

**تۆ خەریکە بەجۆشم دەکەیت، تکایە دەست بکە بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەت، دواتر پرسیاری ئەو وردەکارییانەت - لێ دەکەم کە لام گرنگن.**

**گەنجەکە پێیە تەڕەکانی لە ئاگر نزیک کردەوە و گوتی: ناوم (جۆن ئۆبنشۆ)یە، بڕواشم وایە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆم بەم دۆسیە قێزەونە نییە. ئەم دۆسیەیە پەیوەستە بە بابەتی میراتەوە، بۆیە هەموو شتێکت لە سەرەتاوە بۆ باس دەکەم تاکو بتوانیت بە شێوەیەکی ڕوون لە بابەتەکە تێبگەیت.**

**باپیرم دوو کوڕی هەبوون، مام (ئیلیاس) و (جۆزیف)ی باوکم. باوکم کارگەیەکی بچووکی لە "کۆفنتری" هەبوو، کاتێک بۆ یەکەمین جار پاسکیل دروستکرا، ئەوا باوکم سوودی لەوە بینی و کارەکەی خۆی فراوان کرد، ئەو خاوەنی بەرهەمی تایەی پاسکیلی (ئۆبنشۆ) بوو کە نەدەشکا، پارەیەکی زۆری لەوەدا قازانج کرد، ئەمەش وایکرد کە بتوانێت بە بڕە پارەیەکی زۆر خۆی خانەنیشین بکات. بەڵام (ئیلیاس)ی مامم بە گەنجی کۆچی بۆ ئەمریکا کرد و وەکو جوتیارێک لە "فلۆریدا" لە کێڵگەیەک کاری کرد، ئەمەش بارودۆخی ئەوی باش کرد و بووبوو بە خاوەنی بڕە پارەیەکی باش. کاتێک جەنگی ناوخۆی ئەمریکا بەرپابوو، ئەوا مامم ڕۆیشتە پاڵ سوپای (جاکسن)، دواتریش ڕۆیشتە پاڵ سوپای (هود) و لەوێ بوو بە سەردار. کاتێک سوپاسالار (لی) شکستخواردوویی خۆی ڕاگەیاند، ئەوا مامم گەڕایەوە بۆ کێڵگەکەی و سێ بۆ چوار ساڵ لەوێ مایەوە، دواتر لە ساڵی 1869ز یان 1870ز گەڕایەوە بۆ ئەوروپا و پارچە زەوییەکی لە "سێسێکس"ی نزیک "هۆرشام" کڕی.**

**مامم لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سامانێکی زۆری بەدەستهێنا، بەڵام گوتی کە بە هۆی ئەوەی ڕقی لە ڕەش پێستەکانە و هەروەها ڕقی لە سیاسەتی کۆمارییەکانە بەوەی کە کۆمەڵە مافێکیان بە ڕەش پێستەکان دابوو، ئەوا ئەوێی جێهێشت و گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆی. کەسێکی توند و زمان درێژ بوو، بە شێوەیەکی زۆر خراپ توڕە دەبوو و هەروەها گۆشەگیریش بوو، باوەڕ ناکەم کە لە تەواوی ئەو ساڵانەی لە "هۆرشام" ژیابوو ڕۆیشتبووبێت بۆ شار. خانووەکەی دەور درابوو بە باخچەیەک لەگەڵ دوو یان سێ دۆنم زەوی، لەوێ وەرزشی دەکرد کە دەشگەڕایەوە، ئەوا بۆ ماوەی چەندین حەفتە لە ژوورەکەی دەمایەوە و مەی دەخواردەوە و جگەرەیەکی زۆری دەکێشا، حەزی نەدەکرد تێکەڵاوی هیچ کەسێک ببێت، هیچ هاوڕێیەکیشی نەدەویست، تەنانەت برای خۆشی نەدەویست. بەڵام کێشەی لەگەڵ مندا نەبوو، لە ڕاستیدا منی خۆش دەویست. هێشتا بیرم دێت کە تەمەنم 13 ساڵ یان ئەو دەوروبەرانە بوو کە منی بینی، ئەوەش ساڵی 1878ز بوو، هەشت یان نۆ ساڵ بەسەر نیشتەجێبوونی لە "ئینگەلترا" تێپەڕیبوو، کە منی ناسی، ئەوا لە باوکم پاڕایەوە تاکو ڕێگەی پێبدات کە من ببات بۆ لای خۆی و لەگەڵ ئەو بژیم، باوکیشم بەو داوایە ڕازی بوو.**

**هەمیشە بە شێوازی خۆی لەگەڵم میهرەبان بوو، ئەو کاتانەی کە لە کاریگەری مەی خواردنەوە هۆشی دەهاتەوە، ئەوا داما و ئەو جۆرە یاریانەی لەگەڵ دەکردم، تەنانەت منی بەوە سپارد کە مامەڵە لەگەڵ خزمەتکار و بازرگانەکان**

**بکەم و کاروبارەکانیان بەڕێوە ببەم. کاتێکیش بووم بە 16 ساڵ، ئەوا کلیلی تەواوە ماڵەکە کەوتە ژێر دەستی من و هەر شتێک حەزم لێبووبا، ئەوا دەمتوانی بیکەم، بەو مەرجەی کە خۆم لە کاروباری ئەو هەڵنەخەڵەتێنم.**

**بەڵام ژوورێک لەناو ماڵەکەدا هەبوو کە هیچ کەسێک جگە لە مامم بۆی نەبوو بچێتە ناوی و سەیری بکات، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە هێشتا تۆزێک منداڵ بووم و حەزم دەکرد ببینم، ئەوا لە ڕێگەی کونی قوفڵی دەرگایەکە سەیرم کرد و بینیم کە تەنیا کۆمەڵە کارتۆنێکی لێ بوو، ئەوە چاوەڕوان کراوبوو، چونکە ئەم جۆرە ژوورانە هەر ئەم جۆرە شتانەیان تێدایە.**

**لە ڕۆژێکی مانگی "ئازار"ی ساڵی 1883ز نامەیەکم لەسەر مێزەی نانخواردن بینی کە بە پۆستە بۆ مامم هاتبوو، لام شتێکی زۆر نامۆ بوو، چونکە شتێکی باو نەبوو کە نامەی پۆستە بۆ مامم بێت بە هۆی ئەوەی کە ئەو هەمیشە پارەی باجەکانی حکومەتی بە نەقد دەدا و هیچ کەسێکیش نەبوو تاکو نامەی بۆ بنێرێت، چونکە هاوڕێی نەبوون. مامم نامەکەی هەڵگرت و گوتی: نامەیەک لە "هیند"ەوە! هێمای پۆستەی 'بۆندشیری'!.**

**دەبێت چی بێت؟!**

**مامم خێرا نامەکەی کردەوە و لەپڕ پێنج تۆوی وشکی پرتەقاڵ بەربوونەوە، من بەمە زۆر پێکەنیم، بەڵام ئەم پێکەنینەم زوو کۆتایی پێهات بەوەی کە بینیم مامم بەمە زۆر تاسا و زۆریش ترسا، ڕوون و ئاشکرا بوو کە ئەو نامەیە ئەوی نیگەران کردبوو. دواتر بە شپرزەییەکی زۆرەوە گوتی: "ک ک ک"! ئای خوایە! شوێنی منیان زانیوە!**

**منیش بە دەنگێکی بەرزەوە گوتم: چی بووە مامە؟!**

**ئەویش گوتی: مەرگ بەڕێوەیە!**

**دواتر لەسەر مێزەی نانخواردن هەستا و ڕۆیشت بۆ ژوورەکەی، ئەمە وای کرد زۆر نیگەران ببم.**

**کە سەیری نامەکەم کرد، ئەوا لە بەشی خوارەوەی چەسپی نامەکە سێ جار پیتی "ک" دووبارە بۆوە و شایەنی باسیشە بە دەستوخەتێکی زۆر ناشیرین بە مەرەکەبی سوور نووسرابوو، جگە لەم سێ پیت و پێنج تۆوە وشکەکە هیچ شتێکی تری تێدا نەبوو. ئایا دەبێت هۆکاری ئەو ترسەی چی بووبێت؟**

**مێزەی نانخواردنم جێهێشت و ویستم بڕۆم بۆ نهۆمی سەرەوە، بەسەر پلیکانەکاندا سەرکەوتم و مامم بینی کە دەهاتە خوارەوە، بینیم کە کلیلێکی ژەنگاوی پێبوو، ئەو کلیلە هی ئەو ژوورە بوو کە بۆم باسکردن. هەروەها قوتوویەکی "مس"یشی پێبوو، وەکو هی ئەوانە بوو کە پارەی تێداوێیت.**

**دواتر مامم بە سوێند خواردنەوە گوتی: هەرچی دەیانەوێت، ئەوا با بیکەن... من هەر بەسەریاندا زاڵ دەبم!**

**بە (ماری) بڵێ کە ئاگری ژوورەکەم خۆش بکات، هەروەها بڕۆ پارێزەرێکیشم لە "هۆرشام"ەوە بۆ بێنە.**

داواکارییەکانی ئەوم جێبەجێ کردن و خێرا پارێزەرێکم بۆ هێنا، دوای ئەوەی پارێزەرەکە هات، بانگی منیان کرد، کە چوومە ژووری مامم، بینیم کە ئاگرەکەی بۆ خۆش کراوە، تێبینی ئەوەم کرد کە خۆڵەمێشێکی ڕەش لە دەوری ئاگرەکەیە، ئەوەش بە هۆی ئەوەوە بوو کە کاغەزی تێدا سووتێنراوە. دواتر سەرنجی ئەو قوتوویەشم دا کە مامم پێی بوو، کاتێک لێی ورد بوومەوە، ئەوا زۆر ترسام، چونکە سێ پیتی (ک) لەسەری هەڵکەندرابوو، ئەو پیتانە بوون کە لە نامەکەدا نووسرابوون!

دواتر مامم گوتی: (جۆن)، هیوادارم گەواهی (شاهید) بۆ وەسیەتەکەم بکەیت، تەواوی پارە و زەوییەکانم بۆ باوکت جێدێڵم، لە کۆتاییشدا دەبن بە موڵکی تۆ. ئەگەر ویستت چێژ لەو پارە و زەوییانە ببینیت، ئەوا ئازادیت، ئەگەر زانیشت بۆت مەترسیدارن، ئەوا پشتیان تێ بکە و هەرگیز ئاوڕیان لێ مەدەوە. داوای لێبووردن دەکەم بەوەی کە ئاوا لەپڕ ئەم شتانە دەڵێم، بەڵام هیچ چارەیەکم نییە، تکایە واژۆ لەسەر ئەو شوێنە بکە کە بەڕێز (فۆردهام) نیشانت دەدات.

دواتر واژۆم لەسەر وەسیەتەکە کرد و پارێزەرەکەش بە وەسیەتەکەوە ڕۆیشت. ئەم ڕووداوە منی زۆر نیگەران کرد، هەمیشە بیرم لێ دەکردەوە و ترسێکی گەورەی خستە ناو دڵم. بۆ ماوەی چەندین حەفتە هیچ شتێکی نائاسایی ڕووی نەدا، تاکە گۆڕانکارییەک کە ڕوویدابوو ئەوەبوو کە مامم مەی زیاتری دەخواردەوە و کەمتریش دەهاتە دەرەوە، هەمیشە ژوورەکەی لە دیوی ناوەوە دادەخست و کاتێکیش دەهاتە دەرەوە، ئەوا چەکی هەڵدەگرت و بە شێوەیەکی سەرخۆشانە و بە توڕەییەکی زۆرەوە دەرۆیشت بۆ باخچەکە و هاواری دەکرد کە لە هیچ کەسێک ناترسێت، دواتریش تۆزێک ئارام دەبۆوە و دەگەڕایەوە بۆ ژوورەکەی و دووبارە دایدەخستەوە، مامم بە تەواوی کەوتبۆوە داوی ئەو ترسە و نەیدەتوانی کۆنترۆڵی بکات.

با زیاتر لێتی درێژ نەکەمەوە بەڕێز (هۆڵمز).

شەوێکیان مامم وەکو کاتەکانی تر بە سەرخۆشییەوە ڕۆیشتە باخچەکەی، بەڵام ئەم جارە نەگەڕایەوە. کاتێک بە دوایدا گەڕاین، ئەوا بینیمان کە لەسەر گۆمێکی بچووکی پشت باخچەکە مردووە! قوڵی ئاوەکە زۆر کەم بوو و مەحاڵ بوو کە تێیدا بخنکێت. کاتێک پۆلیس هات و لەمەی کۆڵییەوە، ئەوا هیچ ئاسەوارێکی برین یان توندوتیژییان لەودا نەدۆزییەوە، دواتر لە دادگا بڕیاریان دا کە مامم خۆی کوشتووە!

من باوەڕم بەوە نەکرد، چونکە دەمزانی ئەو هەرچی دەیکرد بۆ ئەوە بوو تاکو لە ژیاندا بمێنێتەوە. بەهەرحاڵ کە مرد، ئەوا بە پێی وەسیەتەکەی ئەو باوکم تەواوی زەوییەکانی وەرگرتن و چواردە هەزار پاوەندیش بۆ حیساب بانکی ئەو زیاد کرا.

دواتر (هۆڵمز) گوتی: بوەستە بەڕێزم، ئەمەی تۆ باسی دەکەیت یەکێکە لە سەیرترین ئەو چیرۆکانەی کە تاکو ئێستا گوێبیستی بووبم، تکایە پێم بڵی کە کەی مامت ئەو نامەیەی پێ گەیشت و کەیش مرد.

نامەکە لە بەرواری 10ی ئازاری ساڵی 1883ز گەیشت، مامیشم پاش حەوت حەفتە کۆچی دوایی کرد، واتا - شەوی 2ی مانگی ئایار.

سوپاس، تکایە بەردەوامبە. -

کوڕە گەنجەکە لە قسەکردن بەردەوام بوو:

کاتێک باوکم تەواوی موڵکەکانی وەرگرت، ئەوا ڕۆیشتم بۆ ئەو ژوورە تایبەتییەی کە مامم قەدەغەی کردبوو جگە لەو کەسانی تر بچنە ژوورەوە. کە چوومە ژوورەوە ئەو قوتووەم بینی کە لە بەشی ناوەوەی ناو قوتووەکە سێ پیتی "ک" هەڵکەندرابوو. دواتر تێبینی هەندێک وشەم کردن کە بریتی بوون لە "وتار، یادگاری، باج، لیست)، دیارە کە ئەو کاغەزانەی مامم سووتانبوونی بریتی بوون لەم جۆرە شتانە. ئەوەی لە ژوورەکەدا مابوو تەنیا کۆمەڵە ڕۆژنامەیەکی کۆن و بەربڵاوبوون کە بەشێکیان باسیان لەوە دەکرد مامم لە ئەمریکا ئەرکی خۆی بە شێوەیەکی زۆر باش ئەنجام داوە و خاوەن ناوبانگێکی زۆر بووە. بەشەکەی تریش دەربارەی نوێکردنەوەی ویلایەتەکانی باشوور و سیاسەت بووە، دیارە کە ڕۆڵی لە ڕووبەڕوو بوونەوەی چەند لایەنێکی ویلایەتەکانی باکوور هەبووە.

باوکم بڕیاریدا کە بێتە "هۆرشام" و لەوێ بژیت، بۆیە سەرەتای ساڵی 1884ز ماڵەکەی گواستەوە بۆ ئەوێ، هەموو شتێک باش بوو و هیچ کێشەیەک ڕووی تێنەکردین، تاکو بەرواری مانگی کانونی دووەمی ساڵی 1885ز. دوای ڕۆژی چوارەمی سەرەتای ساڵی تازە، نامەیەک گەیشتە دەستی باوکم، ئەو کاتە هەردووکمان لەسەر مێزەی نانخواردن دانیشتبووین. باوکم نامەکەی کردەوە و پێنج تۆوی وشکی پرتەقاڵ کەوتنە خوارەوە. شایەنی باسە کە باوکم هەرگیز باوەڕی بەم چیرۆکەی من دەربارەی مامم نەدەکرد و گاڵتەشی پێ دەکردم، بەڵام ئەو ڕۆژە و لەو ساتەدا دیار بوو کە شپرزە بوو، دواتر گوتی: ئای خوایە! ئەمە چییە (جۆن)؟!

لەو ساتەدا دڵم زۆر بە خێرایی لێی دەدا و گوتم: 'ک ک ک'!

باوکم سەیری کرد و گوتی: ڕاست دەکەیت... وا نووسراوە! بەڵام ئەوە چییە کە لە سەرەوەی نووسراوە؟

دواتر لە سەروو شانییەوە سەیری نامەکەم کرد و نووسرابوو: 'کاغەزەکان لە کاتژمێرە خۆرییەکە باوێ'.

**باوکیشم بە سەرسووڕماوییەکی زۆرەوە پرسی: کاغەزی چی؟! کام کاتژمێری خۆر؟!**

**منیش لە وەڵامدا گوتم: ئەوە کاتژمێرە خۆرییەکەی ناو باخچەکەیە، سەبارەت بە کاغەزەکانیش، ئەوا ئەو کاغەزانەن کە مامم ئەو کاتە سووتاندنی.**

**باوکم ویستی ورەی خۆی بەرز بکاتەوە و گوتی: ئێمە لە کۆمەڵگایەکی شارستانی پێشکەوتوودا دەژین، نابێت ئەم جۆرە کارە بێ مانایە قبوڵ بکەین، بزانە ئەم نامەیە لە کوێوە هاتووە.**

**منیش لە وەڵامدا گوتم: لە "دەندی"یەوە هاتووە.**

**باوکیشم گوتی: ئەمانە بەڕاستی پووچن! من هیچ جۆرە پەیوەندییەکم بەم شتانەوە نییە و لاشم گرنگ نییە! منیش گوتم کە پێویستە پۆلیس دەربارەی ئەمە ئاگادار بکەینەوە.**

**نەخێر، ڕێگە نادەم بە هۆی شتێکی ئاوا پووچەوە ببمە قسە و باسی خەڵک و گاڵتەم پێ بکرێت. -**

**کەوایە با من ئاگاداریان بکەمەوە. -**

**نەخێر، ڕێگەت پێ نادەم. -**

**ئەم دەمەقاڵێیە سوودی نەبوو، چونکە باوکم کەسێکی زۆر کەللە ڕەق بوو، بۆیە کۆڵم دا و بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە لەسەر مێزی نانخواردن ڕۆیشتم.**

**دوای سێ ڕۆژ لە گەیشتنی ئەم نامەیە، باوکم سەردانی هاوڕێیەکی کۆنی کرد کە ناوی پێشڕەو (فریبەدی) بوو، سەرکردەیەکی کۆنی قەڵایەک لە قەڵایەکانی "بۆرتشداون" بوو. بەمە زۆر دڵخۆش بووم، چونکە بڕوام وابوو کە تاکو لە ماڵەوە دوورتر بێت، ئەوا سەلامەتترە، بەڵام هەڵە بووم.**

دوای ئەوەی کە دوو ڕۆژ نەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، ئەوا پێشڕەو (فریبەدی) نامەیەکی بۆ ناردم و گوتی کە دەبێت بەپەلە بڕۆم بۆ لای.

دیارە کە باوکم کەوتبۆوە ناو چاڵێکی کلسی کە لەو ناوچەیەدا شتێکی باو بوو، کەوتە ناو چاڵەکە و سەری شکا، منیش کە بەوەم زانی، ئەوا خێرا ڕۆیشتمە لای،

بەڵام تاکو گەیشتمە ئەوێ، ئەوا باوکم مردبوو.

دیارە کە باوکم لە کاتی کازێوەدا لە "فیرهام"ەوە دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە، بە هۆی ئەوەی کە لەو ناوچەیەدا شارەزایی نەبووە و ئەو چاڵانەی نەبینی بوو، ئەوا دادگا بێ دوودڵی بڕیاریدا کە مەرگی باوکم ئاسایی بووە. دەربارەی مەرگی باوکم کۆڵییەوە، هیچ بەڵگەیەک نەبوو کە ئەو کوژراوە بەوەی کە هیچ ئاسەوارێکی توند و تیژی نەبووە و شوێن پێی هیچ کەسێکیش دیار نەبوو، هەروەها دزیشی لێ نەکرابوو و خەڵکی ناوچەکەش هیچ کەسێکی گومان لێکراویان نەبینی بوو، بەڵام لە قوڵایی دڵمەوە دەمزانی کە مەرگی باوکم ئاسایی نەبووە و بە پیلانێکی چەپەڵانە کوژراوە.

منیش بەم شێوازە میراتەکەم بەدەستهێنا. لەوانەیە بڵێیت کە بۆچی ڕەتم نەکردۆتەوە؟ چونکە بڕوام وایە ئەم ڕووداوانە پەیوەستن بە ژیانی مامەوە، ئەگەر لەو ماڵەدا یان لە ماڵێکی تر بم، ئەگەر ئەم سامانەم هەبێت یان نەمبێت، ئەوا ژیانم هەمیشە مەترسی لەسەر دەبێت.

باوکی داماوم لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی 1885ز کۆچی دوایی کرد، دوو ساڵ و هەشت مانگ بەسەر ئەو ڕووداوە تێپەڕی و ئەم هەموو ماوەیەش بە دڵخۆشییەکی زۆرەوە لە "هۆرشام" ژیانم بەسەر دەبرد، بڕوام وابوو کە ئەم ڕووداوە نەفرەتییانە چیتر ڕوو لە ماڵەکەم ناکەن و کۆتاییان پێهات، بەڵام هەڵە بووم، چونکە دوێنێ بەیانی هەمان ئەو نامەیەم بۆ هات کە بۆ باوکم نێردرابوو.

کوڕە گەنجەکە نامەیەکی لە باخەڵەکەی دەرهێنا و کردییەوە، پێنج تۆوی وشکی پرتەقاڵی تێدابوو لەگەڵ هەمان نووسینی پێشوو کە پێکهاتبوو لە سێ پیتی "ک" لەگەڵ "کاغەزەکان لە کاتژمێرە خۆرییەکە باوێ". شایەنی باسە کە نامەی پۆستەکە هێمای بەشی ڕۆژهەڵاتی "لەندەن"ی لەسەر بوو.

**(هۆڵمز) لە کوڕە گەنجەکەی پرسی: ئەی چیت کرد؟**

**هیچ شتێک. -**

**هیچ شتێک؟! -**

**کوڕە گەنجەکە بە دەستەکانی چاوەکانی داپۆشی و بە ترسێکی زۆرەوە گوتی: سەیرکە، ڕاستییەکەت پێ دەڵێم، هەست دەکەم کە وەکو کەروێشکێکم کە مارێک بە هێواشی بەرەو ڕووی دێت، دیارە کە مەترسییەکی گەورە لەسەر ژیانم هەیە و هیچ شتێک ناتوانێت لەو مەترسییە ڕزگارم بکات.**

**(هۆڵمز) بە دەنگێکی بەرزەوە گوتی: پێویستە شتێک بکەیت، ئەگینا دەمریت! نائومێد مەبە، تەنیا زەبری هێز دەتوانێت تۆ بپارێزێت.**

**ڕۆیشتم بۆ لای پۆلیس. -**

**چییان گوت؟ -**

**بە زەردەخەنەوە گوێیان لە من گرت، لێکۆڵەرەکە گوتی کە ئەم نامانە تەنیا بۆ گاڵتەن و مردنی نزیکەکانیشم - تەنیا ڕێکەوت بوون وەکو چۆن دادگا بڕیاری لەسەر دا.**

**هۆڵمز بە دەنگێکی گەورە هاواری کرد و گوتی کە ئەمە بیرکردنەوەیەکی گەمژانەیە (مەبەستی لە قسەی پۆلیسەکانە).**

بەڵام بە لایەنی کەمەوە فەرمانی ئەوەیان دەرکرد کە پۆلیسێک بێتە ماڵەکەم و چاودێریم بکات. -

لەگەڵت هاتووە؟ -

نەخێر، فەرمانی ئەوەی پێکراوە کە تەنیا لە ماڵەوە بمێنێتەوە. -

(هۆڵمز) دووبارە بە دەنگێکی بەرزەوە هاواری کرد و گوتی: بۆچی هاتوویت بۆ ئێرە؟ لەوەش گرنگتر، بۆچی ڕاستەوخۆ دوای ڕووداوانی ئەم ڕووداوانە نەهاتیت بۆ لام؟!

نەمدەزانی، چونکە ئەمڕۆ کێشەکانم بۆ پێشڕەو (برەندەرگەست) باس کرد و ئەویش گوتی کە بێم بۆ لای تۆ. -

دوو ڕۆژە ئەو نامەیەت بۆ هاتووە، دەبوایە پێش ئەوە دەستمان بە جووڵە کردبا. جگە لەو بەڵگانەی کە پێت - گوتین، ئەوا هیچ بەڵگەیەکی تر بوونی نییە، ئایا هیچ وردەکارییەکی تر هەیە بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات؟

بەڵێ، تەنیا یەک دانە. -

کوڕە گەنجەکە دەستی لە باخەڵی هاویشت و پارچە کاغەزێکی شینی تێکچووی دەرهێنا و گوتی: کاتێک پارچە کاغەزە سووتاوەکانی ناو ئاگرەکەم بینی، ئەوا تێبینی ئەوەم کرد کە بەشێک لە لێواری کاغەزەکان نەسووتابوون، ڕەنگیان وەکو ئەم کاغەزەی دەستم بوو، ئەم کاغەزەشم لەسەر زەمینی ژووری مامم دۆزییەوە، دیارە ئەمەی لێ کەوتبوو، بۆیە نەسووتێنرابوو. هیچ شتێکی گرنگی لەسەر نەنووسراوە، جگەی لەوەی کە ناوی تۆوەکانی هێناوە، وەکو کاغەزێکی تێنووسی یادگاری وایە، ئەمەش بە دڵنیاییەوە دەستوخەتی ماممە.

**(هۆڵمز) چرایەکەی هێنا و ڕووناکییەکەی خستە سەر پارچە کاغەزەکە، هەردووکمان سەیرمان کرد و تێبینی لێواری دڕاوی کاغەزەکەمان کرد، ڕوون و ئاشکرا بوو کە ئەمە هی تێنووسێکەوە و دڕێندراوە. ناونیشانەکەی بریتی بوو لە "مانگی ئازاری ساڵی 1869ز"، ئەم تێبینییانەش لە خوارەوە نووسرابوون:**

**4- (هەدسن) بۆ هەمان شوێن هات.**

**7- تۆوەکان بۆ (ماکۆلی) و (بارامۆر) و (جۆن سوەین) و قەشە (ئۆگستن) نێردرا.**

**9- (ماکۆلی) ڕۆیشت.**

**10- (جۆن سوەین) ڕۆیشت.**

**12- سەردانی (بارامۆر) کرا، هەموو شتێک باشە.**

**(هۆڵمز) پارچە کاغەزەکەی بە کوڕە گەنجەکە دایەوە و گوتی: سوپاس، ئێستا پێویستە دەست بەکار بین و کات بەفیڕۆ نەدەین، هەر ئێستا بگەڕێوە بۆ ماڵەوە و خۆت بپارێزە.**

**ئێستا چی بکەم؟ -**

**تاکە شتێک کە پێت بکرێت ئەوەیە کە ئەم پارچە کاغەزە شینە لەو قوتووە "مس"ینە باوێیت کە هی مامت بوو، - هەروەها نووسراوێکی تری تێباوێ و باسی ئەوە بکە کە مامت تەواوی پارچە کاغەزەکانی تری سووتاندووە، بە شێوەیەک بینووسە کە باوەڕت پێ بکەن. دواتر قوتووەکە لەناو کاتژمێرە خۆرییەکە باوێ، تێگەیشتیت؟**

بەڵێ. -

به هیچ شێوەیەک بیر لە تۆڵەسەندنەوە نەکەیت. ئێستا پێویستە ئێمەش وەکو ئەوان پلانێکی تۆکمە دانێین، - دەشتوانین بە شێوەیەکی یاسایی لەم دۆسیە بکۆڵینەوە، بەڵام پێش هەموو شتێک پێویستە سەلامەتی ژیانی تۆ مسۆگەر بکەین و ئەم مەترسییە لابەرین، دواتر وردەکارییەکانی تر شیدەکەینەوە و لایەنی بەرپرس لەمە سزا دەدەین.

کوڕە گەنجەکە هەستا و پاڵتۆیەکەی پۆشی و گوتی: زۆر سوپاس، دووبارە ئومێدت بە من بەخشییەوە، دڵنیابە کە داواکارییەکانت جێبەجێ دەکەم.

کات بەفیڕۆ مەدە و خۆت باش بپارێزە، چونکە دڵنیام کە مەترسییەکی گەورە لەسەر ژیانت هەیە. چۆن - دەگەڕێیتەوە بۆ ماڵەوە؟

بە شەمەندەفەری ئێستگەی واترلۆ. -

هێشتا نەبووە بە کاتژمێر 9، بۆیە ڕێگایەکان قەرەباڵغ دەبن و تۆش سەلامەت دەبیت، بەڵام هەر پێویستە - وریابیت.

خەمت نەبێت، چەکم پێیە. -

زۆرباشە، سبەی دەست بە دۆسیەکەت دەکەم. -

کەوایە لە "هۆرشام" دەتبینم. -

**نەخێر، بڕوام وایە کە چارەسەری دۆسیەکەت لە "لەندەن"ە، بۆیە لەوێ هەوڵی چارەسەرکردنی دەدەم. -**

**زۆر باشە، پاش ڕۆژێک یان دووان پەیوەندیت پێوە دەکەمەوە و هەواڵی قوتوو و کاغەزەکانت پێ دەڵێم، تەواوی - داواکارییەکانت بە وردی جێبەجێ دەکەم.**

**دواتر کوڕە گەنجەکە ڕۆیشت.**

**دوای ڕۆیشتنی ئەو، باران بەلێزمەتر بوو و ڕەشەبایەکەش توندتر بوو، (هۆڵمز) لەسەر کورسییەکە سەری دانواند و سەیری گڕی ئاگرەکەی دەکرد، دواتر غلیۆنەکەی پێکرد و سەیری دووکەڵەکەی دەکرد کە بەرەو سەقفەکە بەرز دەبۆوە.**

**لە کۆتاییدا بێدەنگی خۆی شکاند و گوتی: وابزانم ئەمە مەترسیدارترین دۆسیەیە کە تاکو ئێستا تووشی بووبین (واتسن).**

**جگە لە دۆسیەی هێمای چوارەم. -**

**ڕاست دەکەیت، جگە لەوە، بەڵام بڕوام وایە کە ئەم کێشەیەی (جۆن ئۆبنشۆ) تووشی بووە، زۆر لە کێشەی - خانەوادەی "شولتوس" مەترسیدارترە.**

**ئایا ڕات دەربارەی ئەو مەترسییە چییە؟ -**

**تەنیا دەتوانم بڵێم کە درک بە ڕاددەی مەترسی ئەم دۆسیەیە دەکەم. -**

**کەوایە چییە؟ "ک ک ک" چییە؟ بۆچی بۆتە مەترسی بۆ سەر ئەو خانەوادەیە؟ -**

**(هۆڵمز) چاوەکانی داخست و دەستەکانی لە یەکتری ئالاند و گوتی: لێکۆڵەرێکی باش ئەو کەسەیە کە بە وردی لە ڕاستییەک دەکۆڵێتەوە و شیدەکاتەوە، تەنیا لەو ڕووداوانە ناکۆڵێتەوە کە بوونە هۆی ئەو ئاکامە، بەڵکو تەنانەت لە خودی ئاکامەکەش دەکۆڵێتەوە. وەکو چۆن زانایەکی بایۆلۆجی دەتوانێت لە ڕێگەی تاکە ئێسکێکەوە باسی ئاژەڵێکی تەواو بکات و شیبکاتەوە، ئەوا لێکۆڵەریش لە ڕێگەی ڕاستییەکانەوە پێویستە بتوانێت ڕووداوەکانی پێشووتر و داهاتوو شیبکاتەوە. تەنیا بە خودی بیرسا ناتوانین دەرەنجامی کۆتایی بزانین یان شیبکەینەوە، دەتوانین لە پەرتووکخانەیەک دانیشین و هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بدەین کە کەسانێکی زۆر نەیانتوانیوە ئەو جۆرە کێشانە چارەسەر بکەن، بەڵام ئێمەش وەکو ئەوان بە هیچ دەرەنجامێک ناگەین. بۆ ئەوەی بتوانین تواناى شیکردنەوە بە تەواوی بەکاربێنین و سوودی لێ ببینین، ئەوا پێویستە تەواوی ئەو ڕاستییانە شیبکەینەوە کە تاکو ئەم ساتە بە دەستمان گەیشتوون، ئەمەش خودی "زانین"ە، ئەو "زانین"ەی کە بە دەستکەوتێکی ناوازە و دەگمەنی ئەم سەردەمی فێرکاری بەلاش و ئینسایکلۆپیدایە دادەنرێت.**

**بۆ مرۆڤ شتێکی مەحاڵ نییە کە بتوانێت تەواوی ئەو زانیارییانە بزانێت بۆ ئەوەی لە کارەکەی سوودی لێ وەربگرێت، منیش هەمیشە هەوڵم بۆ ئەوە داوە. ئەگەر باش بیرم بێت، ئەوا کە سەرەتا یەکترمان ناسی، تۆ زۆر بە وردی توانایەکانی منت شیکردەوە.**

**بە زەردەخەنەوە وەڵامم دایەوە و گوتم: ڕاست دەکەیت، بەڕاستی تۆمارێکی باش بوو.**

**لە فەلسەفە و زانستی گەردووناسی و سیاسەت سفرت هێنابوو، لە زانستی ڕووەکناسیش زۆر باش بوویت، بە ڕاددەیەک باش بوویت کە دەتتوانی تۆپەڵە قوڕینەکانی سەر زەوی شیبکەیتەوە و بزانیت لە مەودای پەنجا میلی دەوری شارەکە لە کوێوە هاتووە، هەروەها لە کیمیا زۆر سەیر بوویت و لە توێکاریش زۆر ئاڵۆز بوویت، زۆریش لە ئەدەب و تۆمارە تاوانییەکان ناوازە بوویت، هەروەها کەمان ژەنێرەک و مشتەوان و شیرباز و پارێزەرێکی باشیش بوویت، ئەمانە خاڵی سەرەکی من بوون بۆ شیکردنەوەی کەسایەتی تۆ.**

**(هۆڵمز) بە ڕستەی کۆتاییم پێکەنی و گوتی: باشە، ئەوەی دەیڵێم هەمان ئەو شتەیە کە هەمیشە پێم گوتوویت، مرۆڤی ژیر پێویستە ئەو زانیاریانەی گرنگ لە مێشکی خۆیدا هەڵبگرێت و ئەوانەش کە زانیارییەکی زۆر گرنگ نین، ئەوا دەتوانێت لە پەرتووکخانەی دانێت و کەی ویستی دەتوانێت سەیریان بکات.**

**سەبارەت بەم دۆسیەیەش کە ئەمشەو بۆمان هاتووە، ئەوا دەبێت سەیری تەواوی سەرچاوەکان بکەین و هیچ شتێک پشتگوێ نەخەین.**

**تکایە "ئینسایکلۆپیدیای ئەمریکی - ک"م بۆ بێنە، لەسەر ئەو ڕەفەی ئەوبەرە. سوپاس، ئێستا با سەیری بکەین و بزانین چیمان بۆ دەردەکەوێت.**

**سەرەتا با ئەگەری ئەوە دانێین کە (ئیلیاس ئۆبنشۆ) ناچار بووە کە لە ئەمریکا بڕوات، چونکە پیاوانی تەمەنی ئەو بە ئاسانی خوی خۆیان ناگۆڕن، هەروەها شتێکی نامۆیە کە کەش و هەوای خۆشی "فلۆریدا" جێبێڵێت و بێت ناوچەیەکی گوندنشینی کە کەش و هەوایەکی تاریک و ناهەمواری هەیە، هەروەها گۆشەگیرییەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە کەسێک یان شتێک دەترسێت و نایەوێت ئەو کەسە یان ئەو شتە دەستی پێ بگات. ئەمەش دەتوانین پشتڕاست بکەینەوە بەوەی کە ئەو تاسابوو کاتێک ئەو سێ پیتەی بینی، پێم بڵێ (واتسن)، ئایا سەرنجی هێمای پۆستەکانت دا؟**

**بەڵێ، یەکەم دانە لە "بۆندشیری"یەوە هاتووە، دووەمیان لە "دەندی"یەوە هاتووە، سێیەم و کۆتاییش لە "لەندەن"ەوە هاتووە. -**

**لە بەشی ڕۆژهەڵاتی "لەندەن"ەوە... ئەمەت چیت بۆ دەردەخات؟ -**

ئەوانە هەمووی بەندەرن، مانای ئەوەیە کە ئەوەی ئەم نامانەی ناردووە لەسەر کەشتی بووە. -

درووستە! ئێستا دەزانین کە ئەو کەسە لەسەر کەشتی بووە، ئەمەش بەڵگەیەکی زۆر باشە. -

هی "بۆندشیری" حەوت حەفتەی پێچوو، هی "دەندی"ش بریتی بوو لە سێ یان چوار ڕۆژ (لێرەدا مەبەستی کاتی هەڕەشە و کوشتنی "ئیلیاس ئۆپنشۆ" و جۆزیف ئۆپنشۆ"یە).

ئەمە چیت بۆ دەردەخات؟

مەودوایەکی زۆری مابوو تاکو بیبڕیت. -

بەڵام بیرت بێت کە ئەو مەودایەی نامەکە بڕی، زۆر لەوە زیاتر بوو. -

لەمەیان تێناگەم. -

ئەم ڕاستییەمان دەرخستووە کە ئەم کەسە یان ئەم کۆمەڵە کەسانەی کە ئەم نامەیان ناردووە لەسەر کەشتییەکی - چارۆکەدا بوون، ئەوان هەمیشە پێش ئەوەی دەست بەکاربن، ئەوا نامەکە دەنێرن و هەڕەشە دەکەن. ئەگەر ئەوان لە "بۆندشیری"یەوە هاتبان، ئەوا لەگەڵ کاتی هاتنی نامەکە دەگەیشتن، بەڵام حەوت حەفتە تێپەڕی و دەرنەکەوتن، ئەوەش مانای ئەوەیە کە خێرایی نێوان ئەو کەشتییەی کە نامەکەی لەسەر بووە لەگەڵ ئەو کەشتییەی ئەو کەسەی یان ئەو کۆمەڵە کەسانەی لەسەر بووە زۆر جیاواز بووە.

ئەگەری هەیە کە وابێت. -

به دڵنیاییەوە وایە، وەکو دەبینیت کە بابەتی خێرایی لەم دۆسیەیەدا زۆر گرنگە، چونکە نامەی کۆتایی لە - "لەندەن"ەوە هاتووە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەگەرێکی زۆری هەیە ئەوا خێرا بگەنە ئێرە، بۆیە بە (جۆن ئۆبنشۆ)ی گەنجم گوت کە ئاگاداری خۆی بێت.

ئای خوایە! ئەم هەڕەشە مەترسیدارە چییە؟! -

دیارە کە ئەو کاغەزانەی لای (ئۆبنشۆ)ن بۆ ئەو کەسە یان ئەو کۆمەڵە کەسانە زۆر گرنگ، بڕواشم وایە کە زیاتر - لە کەسێک بن، چونکە کەسێک ناتوانێت دوو کەس لە دوو کاتی جیاوازدا بە شێوەیەک بکوژێت کە فێڵ لە پزیشکی توێکار و دادگا بکات، بۆیە ئەوان دەیانەوێت ئەو کاغەزانە بەدەست بێنن و لاشیان گرنگ نییە کە لای کێیە، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات کە ئەمە کاری ڕێکخراوێکە.

بەڵام کام ڕێکخراو؟ -

(هۆڵمز) سەری هێنایە پێشەوە و بە دەنگێکی نزم گوتی: ئایا هەرگیز دەربارەی "کو کلۆکس کلان"ت نەبیستووە؟

نەخێر. -

(هۆڵمز) پەڕەکانی پەرتووکەکەی هەڵدایەوە و گوتی: ئەمەتا... "کو کلۆکس کلان"، ناوی وەکو ناوی دەنگی تەقەی دەمانچە وایە، ڕێکخراوێکە کە کۆمەڵە سەربازێکی ویلایەتەکانی باشوور لە دوای جەنگی ناوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دروستیان کردووە.

**ئەم ڕێکخراوە بە شێوەیەکی خێرا لە ویلایەتەکانی "تێنسی" و "کارۆلاینا" باکوور "کارۆلاینا"ی باشوور و "جۆرجیا" و "فلۆریدا"دا بڵاوبۆوە، ئەم ڕێکخراوە زیاتر مەبەستی سیاسی هەبوو و دژی کاندیدە ڕەش پێستەکان دەوەستایەوە، هەروەها ئەو کەسانەشیان دەکوشت کە ڕووبەڕوویان دەبوونەوە.**

**ئەوان هەمیشە بە شێوەیەکی سەیر کەسی دیاریکراویان ئاگادار دەکردەوە، ئەویش بە ناردنی گەڵای داربەڕووی گرێدراو یان تۆوی شووتی یان تۆوی پرتەقاڵ. هەرکەسێک بەم شێوەیە ئاگادار کرابایەوە، ئەوا دەبوایە پشت لە بیروباوەڕی خۆی کردبا یان وڵاتی جێهێشتبا، هەر کەسێک ویستبای ڕووبەڕووی ئەوان بووبایەوە، ئەوا چارەنووسی بریتی دەبوو لە مەرگ. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئامانجەکەیان بە شێوازێکی زۆر نهێنی و سەیر دەکوشت کە وای دەکرد پۆلیس و دادگا هەست بەوە ناکەن کە کوژراوە، بەڵکو هەمیشە وا دەردەکەوت کە کەسی کوژراو بە ڕێکەوت یان بە شێوەیەکی ئاسایی مردووە و نەکوژراوە. هیچ کەسێک نەیدەتوانی بەڵگەیەک بدۆزێتەوە تاکو ئەوان تۆمەتبار بکات. حکومەت و دەسەڵاتداران بۆ ماوەی چەندین ساڵ ویستیان کۆتایی بەم ڕێکخراوە بێنن، بەڵام شکستیان هێنا و ئەم ڕێکخراوەش لەسەر کاری خۆیان هەر بەردەوام بوون. بەڵام ساڵی 1869ز لەپڕ ڕێکخراوەکە تێکشکا و کۆتایی پێهات، هەرچەندە بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ چالاکی لەو جۆرەیان دەردەکەوت.**

**ئەگەر سەرنج بدەیت، ئەوا بۆت دەردەکەوێت کە کاتی ڕووخانی ئەم ڕێکخراوە لەو کاتەدایە کە (ئیلیاس ئۆبنشۆ) "ئەمریکا"ی جێهێشت. ئەمە هۆکار و ئامانجەکەمان بۆ دەردەخات، دیارە کە (ئیلیاس ئۆبنشۆ) لە کاتی ڕۆیشتنیدا، تەواوی تۆمارەکانی بردووە و ئەو تۆمارانەش ناو و چالاکی سەرکردە و ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوەی تێدایە، کەوایە ئەوان دەیانەوێت بە هەر شێوەیەک بێت ئەو تۆمارانە بەدەست بێننەوە.**

**کەوایە ئەو پەڕەی بینیمان بریتی بوو لە... -**

**بەڵێ، ئەگەر بیریشت بێت، ئەوا تێبینییەکان بریتی بوون لە: -**

**تۆوەکان بۆ (ماکۆلی) و (بارامۆر) و (جۆن سوەین) و قەشە (ئۆگستن) نێردرا. 'واتا ئاگادار کرانەوە'.**

**(ماکۆلی) ڕۆیشت. 'واتا وڵاتی جێهێشت'.**

**(جۆن سوەین) ڕۆیشت. 'واتا وڵاتی جێهێشت'.**

سەردانی (بارامۆر) کرا، هەموو شتێک باشە. 'واتا کوژراوە'.

دکتۆر، ئەمشەو هەندێک شتی نارِوونمان دەرخست، تاکە شتێک کە بتوانێت (جۆن ئۆبنشۆ)ی گەنج بیکات بۆ ئەوەی ژیانی خۆی بپارێزێت، جێبەجکردنی ئەو داواکارییانەیە کە پێم گوت. ئێستا ئەو کەمانەم پێ بدە و با ئەمشەو تۆزێک ئەم کەش و هەوا ناهەمواره و ئەم ڕووداوە سامناکانە لەبیر بکەین.

بەیانی کە هەستام کەش و هەوا زۆر باش بوو، خۆر بە دەرەوە بوو و شەقامەکان دەدرەوشانەوە، ڕۆیشتم بۆ چێشتخانەکە و بینیم کە (هۆڵمز) نانی بەیانی دەخوات، دواتر دەستی بە قسە کرد و گوتی: ببورە بەوەی کە چاوەڕێم نەکردیت، بەڵام دەبوایە زوو بۆ دۆسیەی (جۆن ئۆبنشۆ) دەست بەکاربم.

کەوایە ئەمڕۆ چی دەکەیت؟ -

ئەمە پەیوەستە بە لێکۆڵینەوەکانم، لەوانەشە بڕۆم بۆ 'هۆرشام'. -

سەرەتا بۆ ئەوێ نارۆیت؟ -

بەڵکو سەرەتا دەچمە شار (مەبەستی شاری "لەندەن"ە)، زەنگەکە لێ بدە تاکو خزمەتکارەکە قاوەت بۆ بێنە. -

**لە کاتێکدا چاوەڕێی هاتنی قاوەکەم دەکرد، ئەوا سەیرێکی ڕۆژنامەم کرد و شتێکم خوێندەوە کە منی بە تەواوی تاساند! بە دەنگێکی بەرزەوە بە (هۆڵمز)م گوت: (هۆڵمز)! دواکەوتیت!**

**دەمزانی کە ئەوە ڕوو دەدات! ئەوە چۆن ڕوویدا؟ -**

**(هۆڵمز) دەنگی خۆی نزم کردەوە، بەڵام ئاشکرا بوو کە ئەویش بەم هەواڵە تاسا بوو. بەهەرحاڵ ناوی (جۆن ئۆبنشۆ)م بینی، ناونیشانەکە بریتی بوو لە (کارەساتێک لە نزیک پردی "واترلۆ")، نووسراوەکە بەم شێوەیە بوو:**

**لە نێوان کاتژمێر 9 - 10ی شەو، (کۆک)ی پۆلیس لە نزیک پردی "واترلۆ" کاری خۆی ئەنجام دەدا، لەپڕ گوێی لە دەنگی هاوار و بەرکەوتنی کەسێک بە ئاوەکە بوو، هەندێک کەسی پیادە ویستیان ئەو کەسە لە ڕووبارەکە دەربێنن، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە شەوێکی تاریک و ڕەشەبایی بوو، ئەوا مەحاڵ بوو کە بتوانن یارمەتی بدەن. دواتر بە یارمەتی پۆلیسی دەریایی توانیان لاشەکە لە ڕووبارەکە دەربێنن. ناسنامەی ئەو کەسە بریتی بوو لە (جۆن ئۆبنشۆ) کە ناوی لەناو نامەیەکی ناو باخەڵەکەیدا نووسرابوو. دیارە کە بەڕێز (جۆن ئۆبنشۆ) بەپەلە بەرەو ئێستگەی شەمەندەفەری "واترلۆ" دەڕۆیشت، بە هۆی پەلەکردنێک و قەرەباڵغی زۆرەوە لە ڕێگایەکە دەرچووە و بەسەر لێواری پردەکەدا ڕۆیشت، بە هۆی ڕەشەباوە دیارە کەوتە ناو ئاوەکەوە، لەبەر نەبوونی هیچ ئاسەوارێکی توند و تیژی، ئەوا دادگا بڕیاری دا کە بە شێوەیەکی سروشتی مردووە. ئەمە دۆسیەیە پێویستە سەرنجی پۆلیسی دەریایی ڕاکێشێت بەوەی کە کێشە لە لێواری پرد و بەندەرەکاندا هەیە.**

بۆ چەند خولەکێک بە بێدەنگی دانیشتین و دواتر (هۆڵمز) گوتی: ئەمە ویژدانی من ئازار دەدات (واتسن)، زۆر نا، بەڵام هەر ئازارم دەدات. ئەگەر خودا هێزم پێ بدات، ئەوا سوێند دەخۆم کە ئەم گروپە مافیاییە قۆڵبەست دەکەم! ئەو گەنجە هات بۆ لای من تاکو یارمەتی بدەم، بەڵام ئەوم نائومێد کرد.

دواتر (هۆڵمز) هەستایە سەرپێ و بە بە ژوورەکەدا هەر دەهات و دەچوو، دیار بوو کە زۆر تووڕە بووبوو.

ئەوانە بەڕاستی فێڵبازن! چۆن ڕازیان کردووە کە بەسەر پردەکەدا بڕوات؟ پردەکە ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی بەرەو - وێستگەی شەمەندەفەرەکە نییە! سەرەڕای ئەوەش پردەکە قەرەباڵغ بوو، ئەمە بۆ ئەوان گونجاو نەبوو، بەڵام تازە گرنگ نییە، دەیبینین کە لە کۆتاییدا کێ براوە دەبێت...! دەڕۆم بۆ دەرەوە.

دەڕۆیت بۆ لای پۆلیس؟ -

بەڵکو من دەبم بە پۆلیس، پلانێک ساز دەکەم و ئەوان قۆڵبەست دەکەم، دواتر بانگی پۆلیس دەکەم. -

ئەو ڕۆژە سەرقاڵی کارەکەم بووم و تاکو شەو نەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە، بوو بە کاتژمێر 10ی شەو (هۆڵمز) هێشتا نەگەڕابۆوە، بەهەرحاڵ دوای ماوەیەک گەڕایەوە و خێرا ڕۆیشتە سەر مێزی نانخواردن و پارچە نانێکی هەڵگرت و خواردی، دواتر ئاوێکی زۆری خواردەوە و تێر بوو.

زۆرت برسی بوو؟ -

بەڵێ، چونکە لە بەیانییەوە هیچ شتێکم نەخواردبوو. -

هیچ شتێک؟! -

**بەڵێ، چونکە کاتی نانخواردم نەبوو. -**

**کەوایە چیت کرد، پلانەکەت سەری گرت؟ -**

**پلانەکەم باش بەڕێوە چوو. -**

**هیچ شتێکت دەربارەی ئەوان دۆزییەوە؟ -**

**ئەوان لە ژێر دەستی مندان، ئێستا تۆڵەی (جۆن ئۆبنشۆ) دەکەمەوە، تەنیا سەیرکە (واتسن)! -**

**مەبەستت چییە؟ -**

**پرتەقاڵێکی هێنا و کردی بە دوو لەتەوە، پێنج تۆوی لێ دەرهێنا و لەناو زەرفی نامەیەکی هاویشت، دواتر لەسەر نامەکەی نووسی: لە (شێرلۆک هۆڵمز)ەوە بۆ (جەیمز کالهۆن). دواتر زەرفەکەی پێچایەوە و ناونیشانێکی لەسەر نووسی:**

**(کاپتن جەیمز کالهۆن، کەشتی "لۆن ستار"، ساڤانا - جۆرجیا).**

**بە پێکەنینەوە گوتی: هەر کە ڕۆیشتە ناو بەندەرەکە، ئەوا ئەم نامەیەی بەدەست دەگات، ئەمە بە تەواوی نیگەرانی دەکات وەکو چۆن پێشووتر خانەوادەی (ئۆبنشۆ)ی نیگەران کردبوو.**

**کاپتن (کالهۆن) کێیە؟ -**

**سەرکردەی ڕێکخراوەکەیە، ئەوانی تریش قۆڵبەست دەکەم، بەڵام سەرەتا ئەو. -**

**چۆن ئەوت دۆزییەوە؟ -**

**هۆڵمز) پارچە کاغەزێکی گەورەی لە باخەڵەکەی دەرهێنا کە پڕ بوو لە ناو و ناونیشان، دواتر گوتی: ئەمڕۆ ) سەرقاڵی خوێندنەوەی تۆمار و فایلە کۆنەکانی کۆمپانیای "لۆید" بووم تاکو بزانم کام کەشتییانە لە بەرواری کانونی دووەم و شوباتی ساڵی 1883ز هاتوونەتە بەندەری "بۆندشیری"، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بووبێت. بەهەرحاڵ ناوی کەشتییەکم بەرچاو کەوت کە لەوانی تر جیاواز بوو، ئەویش کەشتی "لۆن ستار" بوو، هەرچەندە لە "لەندەن"ەوە هاتبوو، بەڵام ناوەکەی بریتی بوو لە ناوی ویلایەتێکی وڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.**

**هەڵە نەبم ویلایەتی "تەکساس"ە. -**

**دڵنیا نەبووم، بەڵام زانیم کە ئەوە کەشتییەکی ئەمریکییە. -**

**ئەی دواتر؟ -**

**سەیری تۆمارەکانی "دەندی"م کرد و بۆم دەرکەوت کە کەشتی "لۆن ستار" لە بەرواری کانونی دووەم لەوێ بووە. - بەم شێوەیە گومانەکەم پشت ڕاست کردەوە و سەیری تۆمارەکانی تریشم کرد.**

**دواتر؟ -**

- حەفتەی ڕابردوو کەشتی "لۆن ستار" هاتبوو بۆ "لەندەن"، منیش ئەمڕۆ ڕۆیشتم بۆ بەندەری "ئالبێرت"، بەڵام کە گەیشتمە ئەوێ بۆم دەرکەوت کە دوێنێ بەیانی گەڕاوەتەوە و وا بەرەو "ساڤانا" دەڕوات. دواتر بەرقیەیەکم بۆ "گرافسند" نارد، دڵنیام ئێستا بە دەستیان گەیشتووە، هەروەها لەبەر "با"ی ڕۆژهەڵات، ئەوا دڵنیام ئێستا "گۆدوینز"ی تێپەڕاندووە و لە نزیک دوورگەی "وایت"ە.

- ئەی ئێستا چی ڕوو دەدات؟

- خۆی و هاوڕێیەکانی لە ژێر دەستی من دان، لەو کەشتییەدا تەنیا ئەو سێیانە بە ڕەگەز ئەمریکین، ئەوانی تر فنلەندین. کارمەندێکی باری ئەوێ پێی ڕاگەیاندم کە دوێنێ شەو ئەو سێیانە لەسەر کەشتییەکە نەبوون. کاتێک ئەوان دەگەنە "ساڤانا"، ئەوا پۆلیس ئەوان بە تۆمەتی کوشتن قۆڵبەست دەکات، چونکە نامەی پۆستەم بۆ ئەوان ناردووە و هەموو شتێکم ڕوون کردۆتەوە.

زۆر جار مرۆڤ کە پلانێک دادەنێت، ئەوا ئەو پلانە خاڵێکی لاوازی دەبێت، وەکو بکوژەکانی خانەوادەی (ئۆبنشۆ) کە نەیاندەزانی کەسێکی زیرەک و زۆرزانی وەکو (هۆڵمز) بە دوای ئەوان دەکەوێت. بەهەرحاڵ دیارە کە نامەی (هۆڵمز) نەگەیشتە دەستی بکوژەکان و بۆ ماوەی ساڵێک هیچ هەواڵێکمان دەربارەیان نەبیست.

لە کۆتاییدا هەواڵی ئەوەمان پێ ڕاگەیەندرا کە کەشتی "لۆن ستار" بۆ کۆتا جار بە تێکشکاوی لە زەریای ئەتڵەسی بینراوە، شایەنی باسە کە دوو پیتی "ل س" لەسەری هەڵکەندرابوو، ئەمەش کۆتا زانیاریمان بوو دەربارەی چارەنووسی ئەو کەشتییە.

کۆتایی